# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٤ – ٢٠٢٥

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە


سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر

پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق

پ. د. بەختیار سەجادی

پ. د. فەرهاد قادر کەریم

پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان

پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف

پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:

پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ

پ. د. مارتن ڤان برونسن

پ. د. جەلیلی جەلیل

پ. د. ساڵح ئاکین

پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی

پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک

پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە



Web: journal.ka.gov.krd

ISSN: 2520- 4106

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd


* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٣
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٤

# وێنەی شەهید لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

عومەر حمد محمود
فاکەڵتیی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی
زانکۆی کۆیە
omerhamad41@gmail.com

پ. ی. د.عبدولواحید ئیدریس شەریف
فاکەڵتیی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی
زانکۆی کۆیە

پوختە

ئەم توێژینەوەیە وردبوونەوەیەکە لە وێنەی شەهید لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. شەهید وەک هێمایەکی کولتووری و نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا جێگەی تایبەتی هەیە، بەتایبەتیش لەلای شێرکۆ بێکەس کە ئەزموونی پێشمەرگایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ شەهیدانی هەبووە. لە شیعری ئەودا شەهید نەک تەنها وەک نیشانەی قوربانیدان، بەڵکو وەک هێزێکی زیندوو و بەردەوام دیاری دەکرێت کە لە مردنیشەوە ژیان دەبەخشێتە خەباتی نەتەوەیی. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە نەبوونی لێکۆڵینەوەی پێشووتر و کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێت. لەئەنجامدا توێژینەوەکە دەریخست کە شێرکۆ بێکەس سەرکەوتووبووە لە کێشانی وێنەیەکی هونەریانە بۆ شەهیدانی کوردستان بە بەکارهێنانی وشە کوردییە پەتییەکان و لە شیعرەکانیدا خوێنی شەهید دەبێتە ئاوێک کە نیشتمان پێی گەشە دەکات و بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت. ڕێبازی پەیڕەوکراوی ئەم توێژینەوەیە (ڕێبازی وەسفی و شیکاری)یە. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت: لە بەشی یەکەمیان: لە تەوەری یەکەمدا کار لە سەر وێنەی شیعری و چەمک و زاراوە و دیدوبۆچوونی ڕەخنەگران دەکەین تەوەری دووەم لە چەمک و زاراوەی شەهید دەدوێین و بەشێوەی تیۆری دەیانخەینەڕوو.

لە بەشی دووەمیان: کە بەشێکی پراکتیکییە باسی ڕەنگدانەوەی وێنەی شەهید و جۆرەکانی وێنە دەکەین لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا.

کلیلە وشە: شێرکۆ بێکەس، شەهید، وێنە، قوربانیدان، کورد.

## پێشەکی

شەهید لای شاعیرانی کورد وەک هێمای قوربانیدان و خەبات دەردەکەوێت، بەڵام لای شێرکۆ بێکەس تایبەتمەندی لەوەدایە کە وەک هێزێکی بەردەوام و زیندوو وێنای دەکات. لە شیعرەکانیدا، خوێنی شەهید دەبێتە ئاوێک کە نیشتمان پێی گەشە دەکات و بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت. ئەم توێژینەوەیە جەختی کراوەتەسەر بەیانکردن و دەرخستنی وێنەی شەهیدە، کە شاعیر بە وشەکان چ وێنەیەکی هونەری کێشاوە لە خزمەت قوربانیدان و پەیامەکانی شەهیدان. گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە، هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی زانکۆیی وەکو ناونیشانێکی تایبەت لەسەر (شەهید) لە شیعری شاعیران نەکراوە، بەتایبەتیش لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا. کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە وای لێکردووین ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین بۆ نیشاندانی وێنەگەلێکی زۆر جوانی شەهیدانی کوردستان لە دوو دیوانی شیعریی (کەشکۆڵی پێشمەرگە) و (شایی شەهید)دا. سنوری توێژینەوە، هەردوو دیوانی (کەشکۆڵی پێشمەرگە و شایی شەهید) بە نمونە وەرگیراون، بە تایبەت ئەو شیعر و کۆپلە شیعرانەی کە باسی شەهید دەکەن. گرنگی توێژینەوە، خستنەڕوو و نیشاندانی شەهیدە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چونکە جۆرە وێنەیەکی جوان و وشەگەلێکی کوردی پەتی تێدا بەکارهێناوە کە شایانی دەرخستن و لێکۆڵینەوەبوون. توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئەم شاعیرە تا چەند سەرکەوتوو بووە لە کێشانی وێنەی هونەرمەندانەی شەهیدانی کوردستان بە بەکارهێنانی وشە کوردییە پەتییەکان، و تا چەند ئەم وێنانە نەمری بە دەقە شیعرییەکانی دەبەخشن.

## – پێشینەی توێژینەوە

هیچ توێژینەوەیەک بەرچاونەکەوت کە بەشی تیۆری و پراکتیکیەکەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بێت. زۆرێک لە توێژینەوەکان تەنها بەشی یەکەمیان لە باسی تیۆری (وێنەی شیعری) دا وەک ئەم توێژینەوەن، کە لەڕووی چەمک و زاراوە و چۆنییەتی سەرهەڵدانی ئەم زانستە، تا ڕاددەیەک لێکچوون لەڕووی تیۆرییەوە لەنێوان توێژینەوەکاندا هەیە. بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە زیاتر سوود لەو سەرچاوانە وەربگرین کە بەجیاوازتر باسی ئەم بابەتەیان کردووە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری سەرچاوەکان بیانین و دید و بۆ چوونمان لە ڕوانگەی خۆمانەوە بۆ بابەتەکە خستووەتەڕوو. هەرچی کە پەیوەندی بەلایەنی پراکتیکییەوە هەیە، بابەتێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیە و گرنگترین ئامانجیش لەم توێژینەوەیە، پەیوەستە بەلایەنی پراکتیکییەوە. بۆیە بە پێویستمان زانی بۆ زیاتر بەرچاو ڕونی ئەم زانیارییانە بخەینەڕوو. بەهۆی سنورداری توێژینەوەکە بەکورتی ئاماژە بەهەندێک لەو توێژینەوانە دەکەین، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان تەنها پەیوەندیان بەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان هەیە لە باسی وێنەی شیعریدا. ئەم توێژینەوانە زۆر بەڕوونی و بەتەواوەتی باسی وێنەی شیعری و جۆرەکانیان کرووە، کە شایەنی دەستخۆشین، بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەم دەربارەی شەهید هیچ سەرچاوەیەکم نەبینی باسی بکات، تا لێرە بیخەمەڕوو. ئەمەش چەند سەرچاوەیەکە پەیوەندی بە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمانەوە هەیە: یەکەم: مەریوان حمەکریم احمد (٢٠٢٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری)سالم)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی. دووەم: هاوژین سلێوە عیسا (٢٠٠٩) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ

بێکەسدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی. سێیەم: دەریا جەمال حەویزی (٢٠٠٩) وێنەی ڕونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادە دا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

## ١- بەشی یەکەم:

### ١-١ تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی وێنەی شیعری .

مێژوی ئەدەبدا (وێنە) ئەو زاراوەیە کە لەمێژە بابەتێک بووە گەنگەشەی لەسەر کراوەو لە ڕەخنەی نوێشدا ناوبانگێکی زۆری لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بە دەست هێناوە، ئەم زاراوەیە چەمکە ڕەخنەیەکەی لە ئەوروپاوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، (زاراوەی (Image) لە (Imagination) وەرگیراوە و بە واتای (ئەندێشە و خەیاڵ) دێت. (شارەزا١٩٩٧: ١٥) لە ئەدەبی عەرەبیدا کۆمەڵێک زاراوەی جۆراوجۆر بۆ وێنەی شیعری بەکار هێنراون. دکتۆر جابر عصفور لە ساڵی (١٩٧٣) لە کتێبی (الصورة الفنية عند شعراء الإحياء في مصر) کە پێ دەچێت بۆ یەکەم جار زارەوەی وێنەی هونەری (الصورة الادبية) بەکارهێنابێت، لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: (وێنەی هونەری زاراوەیەکی مۆدێرنە، کە لەژێر کاریگەری زاراوەی ڕۆژئاوایی ڕەنگاورەنگ بووە).(الرباعي ١٩٩٤: ٤٨) جگە لەم زاراوەیە زاراوەکانی تری وەک (الصورة الفنية، الصورة البلاغية، الصورة البيانية، الصوره المجازيه، الصوره الشعريه) بەکارهاتوون. لە زمانی فارسیشدا هەردوو زاراوەی (تصویر شعری و صورة خیال) خواستی لەسەرە، بەڵام دەستەواژەی (تصویر شعری) بە گشتی قبووڵ کراوە. لە ئەدەبی کوردیشدا زاراوەی (وێنەی ئەدەبی و وێنەی شیعری و وێنەی هونەری...) بەرچاو دەکەون و بەکاردێن.

لە فەرهەنگی (المحيط)دا (وێنە لە پیتەکانی (ص، و، ر)دا پێکهاتووە، کە بە مانای (وێنە، فۆرم، ڕاستی، وێنە بۆ خەیاڵی شتێک، واتای وەهم، واتای پەیکەر دێت.) (بلمقنعي٢٠١٦: ٤٠) لە فەرهەنگی نۆبەرەی گێوی موکریانیدا کە فەرهەنگێکی (عەرەبی و کوردی)یە، ((صورة) بۆ واتای (نیگار، پێکەر، نەخش، شکڵ، شێوە، دیمەن) وەرگێڕدراوە.) (رضا ، ٢٠٢١: ٧)

چەمکی (وێنە) پێناسەی زۆری بۆ کراوە هەر لە کۆنەوە هەتاکو سەردەمی ئێستا و جیهانی تازەگەری، بەڵام (هەر هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی کۆتایی و جێگیر بۆ وێنە نالۆژیکیە، ئەوەش بە هۆی گۆڕانی بەردەوامی سروشت و بیری مرۆڤەکانەوە.) (صالح١٩٩٤: ١٩) ئەم پێناسەیە باس لە پرسێکی بنەڕەتی زانستی زمان و فەلسەفە دەکات. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی تەواو و نەگۆڕ بۆ دیاردەی (وێنە) کارێکی ئەستەمە، چونکە هەم سروشت و هەم بیری مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندان. واتە تێگەیشتنمان لە وێنە و واتاکەی بەردەوام پەرەسەندوو دەبێت و ناتوانین پێناسەیەکی ساکار و هەمیشەیی بۆ دابنێین. یاخود وێنە بەم شێوەیە ناسێندراوە (دروستکردنی وێنەیە بە وشە، وێنە بنەمای تێگەیشتنی مرۆڤەکانە، بۆچوونێکی هەستییە، لە بونیادی فیکری شاعیر یان ئەدیب، لە ڕێگەی واتا زمانی و بارە دەروونی و توانا هونەرییەکان ئاشکرا دەبێت.)(مستەفا ٢٠١٧: ٨) لێرەدا تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی وێنە لە ئەدەبیات و هونەردا. بەپێی ئەم بۆچوونە، وێنە تەنها وەسفکردنێک نییە، بەڵکو بنچینەی تێگەیشتنی مرۆڤانەیە. وێنە لە ئەساسدا شتێکی هەستیی و سۆزداری یە، کە

لە دەروونی شاعیر یان نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت. (ڕۆبرت اررزوز)ش دەڵێت: (ڕاست نییە، کە وێنە یەکێکە لە پایەکانی شیعر، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە کە بڵێین وێنە جەوهەری شیعرە، ڕوح و جەستەیەتی.) (باباعربی٢٠١٨: ٢٠) دکتۆر جابر احمد عصفوریش هاورای ڕۆبرت دەڵێ: (وێنەی ئەدەبی کرۆکی هەمیشەیی شیعرە.) (ئەمین ، ٢٠٠٩: ١٢) کەواتە وێنە بەڕوح و گیانی شیعر دادەنێن بەتایبەت لە سەردەمی شیعری هاوچەرخدا، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین ، کە ناکرێت پێکهاتەکانی تری شیعر لەبیر بکەین و تەنها وێنە بە پێکهێنەری شیعر بزانین، هەروەکو (جاکۆبسن) دەڵێت: (ناکرێت_تایبەتمەندییەکانی شیعر تەنها لەوێنەدا کۆ بکەینەوە.) (Лотман1972 :77) هەموو ئەو پێناسانەی کەپێشوتر باسکران گرینگی خۆیان هەیە چونکە هەر یەکەو جەختیان لەسەر چەند لایەنێکی وێنە کردووەتەوە، وە گرنگترین ڕەهەندی وێنەی شیعری بە پێی ئەو پێناسانە، ئەوەیە کە وێنە بەرهەمی چنینی زمانە و سەرچاوەکەشی زەینی مرۆڤە.

وێنەی شیعری لە دیدی ڕەخنە گرانی کۆن و نوێدا، سەرەتا بیر و بۆچونی ڕەخنەگرانی خۆرئاوا دەخەینە ڕوو، لە دواتریشدا ڕەخنەگرانی عەرەب و لەکۆتایشدا ڕەخنە گرانی کورد دەخەینە ڕوو.

سەرەتا باسی وێنەی شیعری دەکەین لە لای خۆرئاواییەکان یاخود لە ڕەخنەی خۆرئاواییدا، ئەگەر بمانەوێت باس لە وێنەی شیعری بکەین، بێگومان دەبێت ئاوڕێک لە ئەدەبیاتی فەیلەسوفانی یۆنانی بدەینەوە، کە بەرهەمەکانیان پارێزراون و ماونەتەوە، بۆ ئەمە سەرەتا دەچینە لای گەورە فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون) دەربارەی وێنە دەڵێت: (هەموو شتێک لە بووندا لە هەر لایەکەوە سەیری بکەین پێویستە وێنەیەکی هەبێت، هەر ئەو وێنەیەش بەها جێگیرەکەی ئەو شتەیە.)(گەردی ، ٢٠٠٤: ٣٣) لێرەدا شاعیر وێنای کارەکانی خەڵک یان سروشت دەکاتەوە، وێنەی ئەوشتەیە، کە لە شتێکی تر دەچێت، واتا لاسایکردنەوەکە یان وێنەگرتنەکە دەقاودەقە. ئەرستۆش لەگەڵ مامۆستاکەی (ئەفلاتوون) هاورایەو دەڵێت: (شیعر هونەرە، هونەریش لاساییکردنەوەیە، شاعیریش وەکو وێنەگر و هەر لاسایکەرەوەیەکی تر لاسایدەکاتەوە. (احمد ٢٠١٢: ٣٠) هەروەها لەگۆشەیەکی دیکەوە دەڵێت: (وێنەکان جوان دەبن، ئەگەر گۆڕینێک لە خۆ بگرن، ئەمەش واتا وێنە ڕەنگە گۆڕینێک لە خۆ بگرێت، کە ئەوەش دەبێتە خواستن یان چواندن.) (عەلی٢٠٠٧: ٣٠) بەم شێوەیە ئەرستو بیرۆکەی لاسایکردنەوەکەی پێش خست و وێنەی پەیوەست کرد بە ڕەوانبێژی، بە تایبەتی هونەرەکانی (چواندن و خواستن) لە ڕەخنەی نوێی خۆرئاواییشدا دەبینین کۆمەڵێک پێناسەوە چەمکی جۆراوجۆر بۆ (وێنە) دانراوە، سەرەتای وێنەی هونەریش لە جوانناسیەکەی فەیلەسۆفی ئەڵمانی (هیگڵ) وە(١٧٧٠-١٨٣١) دەست پێدەکات دەڵێت: (هونەر، وێنەی ڕۆحی دەکات بە وێنەی بینراوی دەرەوە، کە توانای بینین و بیستنی هەبێت.)(احمد ، ٢٠٢٢: ٣١) کە ئەمە بەسەرەتای برەوپێدانی وێنە دادەنرێت لە ڕەخنەی نوێدا.

لە ئەدەبی عەرەبیدا کۆمەڵێک بیر و بۆچوونی جیاواز دەربارەی وێنەی شیعری خراوەتەڕوو، سەبارەت بە کۆنترین دەربڕین دەربارەی وێنەی شیعری دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، کەدەیانخەینە ڕوو: هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کۆنترین بۆچوون دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەکەی (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهید)کە لەساڵی (١٧٥ی کۆچی

کۆچی دوایی کردووە، کە دەڵێت: (شاعیران ناحەق لە وێنەی حەقداو حەقیش لە وێنەی ناحەقدا پیشان دەدەن) واتە شاعیران شـازادەی قسەکردنن، بە ئارەزووی خۆیان شتە نزیکەکان دوور دەخەنەوە و دورەکانیش نزیک دەخـەنـەوە، درۆ بە بەرگی ڕاستییەوە وێنا دەکەن و ڕاستیش بە بەرگی درۆوە وێنا دەکەن.(اکتراب ٢٠٢٤: ٧٦)

هەندێکی تر لە نوسەران پێیان وایە کۆنترین لـێـدوان دەربـــارەی وێـنـەی شـیـعـری لـە کتێبی (ئاژەڵاندایە) کە لەلایەن (جاحظ بصری)یەوە لە ساڵی (٢٥٥ ی کۆچی)یەوە نوسراوە، کە دەڵێت : (شیعر جۆرێکە لە بونیادنان و جۆرێکە لە وێنە.)(بوردیم ٢٠١٦: ٥٤) ئەم بۆ چونەش لای توێژەران بەو مانایە دێت (توانای وژاندنی وێنەی بینراوە لە مێشکی وەرگـردا، کە بیرۆکەکە یەکەمین چوونە ژوورەوەیـــە، یـان ناسـاندنی پـەیـوەنـدی نێوان وێنەسازی و پێشکەشکردنی مانایە).(احمد ٢٠١٢: ٥٠) بەلەبەرچاوگرتنی هــەردوو بۆ چوونەکە، دەتوانین بڵێین خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەڕاهیدی یەکەمین نوسـەر بووە، کە باسی وێنەی شیعری کردووە،چونکە لە پێش جاحظی بصرییەوە ژیاوەو کۆچی دوایی کردووە.

لە ئەدەبی کوردیشدا هەر لە کۆنەوە بایەخی بە مەسەلەی شیعر داوە، هەر وەکو گەلانی جیهان کەم تا زۆر ئاوڕیان لە پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکان داوەتــەوە، ئەگەرچی وێنەی شیعری بەو چەمکە تازەی ئێستا زۆرکەم لە شیعری شاعیرانی کۆن دەبینرێت، بـەڵام ئاوڕیشیان لە وێنەی شیعری داوەتەوە، (کاکەی فەلاح) دەڵێت: (وێنەی شیعری لە سەردەمی ئەمرۆماندا بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی شیعر و پـەروەردەکـردنی بەهرەوچێژی ئەدەبی بایەخی زۆری پێدراوە و پێدەدرێت، یەکێکە لە بوارە تازانەی کە بەنسبەت شعری کوردییەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و ئەو بایەخ وگرنگیەی پێ نەدراوە کە هەڵی دەگرێت.)(کاکەی فەلاح١٩٨٦: ٢٣) (دکتۆر ئیدریس عبدوڵلا)ش دەڵێت:(زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەوانەی وێنە دروست دەکەن، خزمەت بـەو مەبەستەی واتـا لە دەرەوەی دەق دەکـەن) (عەبدوڵلا ٢٠٢٣: ١٠٥) واتا وێنەکانی ناو بابەتەکانی ڕەوانبێژی زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرن دەکرێت بە بیر و هۆش هەستیان پێ بکەین و زیاتر وێنەکان وێنەی ڕووتی ڕەوانبێژی نین.

## ١-٢ تەوەرەی دووەم: چەمک و زاراوەی شەهید و شەهیدبوون

لە ئایینی مەسیحیدا کـردەی شەهیدبوون (لە خاچدانی عیسای مەسیحە بە فەرمانی پۆنتیۆس پیلاتۆس. لەکۆی گشتی ئینجیلەکانی مەسیحییەکان هاتووە بۆ ئـەوەی مردنی عیسا لەسەرخاچ وەک کردەیەکی شەهیدبوون لێکبدەنەوە، چونکە بۆ دابینکردنی لێخۆشبوون بۆ گوناهباران مـردووە. Belanger & Sharvit & Caouette & Dugas, :495) (2014 ، کەواتە ڕیشەی چەمکی شەهیدبوون لە ئاینی ی مەسیحی بۆ خودی ڕووداوی لە خاچدانی عیسا مەسیح دەگەڕێنێتەوە.

لە ئاینی هیندۆسی شەهیدەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوانەن، کە ئازاریان چەشت و ژیانی خـۆیـان بـەخـشـی لـە پـێـنـاو (نیشتیمانی دایـک)، شـەهـیـدەکـان هـەریـەک لـە خـۆسـوتـێـنـەران و خەباتکاران دەگرێتەوە. هەروەکو ئەنتۆنیۆ تیرۆن دەڵـێـت: (لـە کۆمەڵگای تبتییەکانی دەوروبـەری هیندستان، ئەوانەی خۆیان سوتاندووە وەک شەهید و پاڵەوانی نەتەوەیی ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن و نەمر دەکرێن، ئەمەش بەڵگەی ناونانی ئەوانە بە (ڕاشۆ)

وشەکە لە زمانی تبتی کە هەم بە مانای (پاڵەوان) و هەم واتای (شەهید) دێت. (154: & РЫЖАКОВА (РЕНКОВСКАЯ, 2022

لە ئاینی جوولەکەدا، جوولەکەکان لە کۆندا دەیان وت: (شەهیدبوون ئەزموون و نیعمەت و خۆشەویستی خودایە، کە تەنها دەیهێنێت بۆ جوولەکە.)(611: Boyarin 1998) لەناو کولتووری جوولەکەی کۆندا، شەهیدبوون وەک (ئەزموون و نیعمەت و خۆشەویستی خودا) دەبینرێت.

چەمکی شەهیدبوون لە ئیسلامدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کە لە سەرەتادا بە شێوەی بەرخودان لە پێناو باوەڕ دەستی پێکرد کاتێک موسڵمانە سەرەتاییەکان لە مەککە دەچەوسێندرانەوە، دواتر پەرەی سەند و کەسانی بەشداربوو لە شەڕ لە پێناو ئیسلام و هەروەها ئەوانەش کە بە هۆی نەخۆشی پەتا یان بە سەرکۆرپەوە دەمردن، بە شەهید دانران.

شەهید )لە بنەڕەتدا لە وشەی یۆنانی (ماردیس) (μάρτυς) وەرگیراوە، کە دەبێتە (ماردیرۆس)، (ماردیریس)(μάρτυρος, μάρτυρες) ئەم وشەیە بە سادەیی بە واتای (شایەت، شاهید) دەگەیەنێت. ئەم وشەیە مێژوویەکی کۆنی دووروودرێژیی هەیە، کە لە زمانی یۆنانیدا لە سەرەتا بە شێوەیەکی سروشتی بەشێک بووە لە زمانی یاسایی دادگاکانی یۆنان، کە بۆ هەموو جۆرە چاودێری و ئیسپاتکردنێک بەکاریدەهێنا، بەڵام لە دوای ئەدەبیاتی مەسیحی لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی زاینی وشەکە خلیسکاو واتای (مردنی بەبێ هۆکار)ی گەیاند، کە لە زمانی لاتینیش هەمان مانای دەگەیاند.)(5: Bow- (ersock 2002

لە زمانی عەرەبیدا وشەی شەهید سیفەتێکە لەسەر وەزنی (فعیل) وەرگیراوە لە فیعلی (شهید، یشهد) کە بە واتای (شەهیدبوون) دێت، واتە ئەو کەسەی کە ئامادەیە. (السرحان وجاسم ٢٠٠١: ١١) ابن فارس دەڵێت: (شەهید لە ڕووی زمانەوە لە پیتەکانی (الشین، الهاء، الدال) ڕەنگێکن ئاماژەن بۆ ئامادەبوون و زانین وئاگادارکردنەوە ئەوەش (شایەتحاڵ)ییە، کە شەهید ئەو کەسەیە کە لە ڕێگای خودا دا کوژراوە. (ریان، ١٩٩٠: ١) الراغب الاسفهانیش دەڵێت: شایەتحاڵ و شایەتیدان لەگەڵ ئامادەبوون و چاودێری بە بینینە یان بیستن. (المسبحي ، ٢٠٠٨: ٢٢) بەو مانایەی وشەی (شەهید) لە ڕەگی (شهد) وەرگیراوە کە بە مانای (شایەتیدان) و (شایەتحاڵبوون) دێت. ئەم وشەیە واتای ئامادەبوون و چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ دەگەیەنێت، چ لە ڕێگەی بینین یان بیستنەوە بێت یان شایەتی ڕاستییەک دەدات، یان ئامادەی ڕووداوێک بووە،

لە سادەترین چەمکەکانی شەهیدبوون ) وابەستەیی مرۆڤە بە ئیرادەیەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک. (496: Belanger & Sharvit & Caouette (& Dugas, 2014 بەومانایەی پەیوەندی مرۆڤ بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک دەخاتە ڕوو کەجەخت لەسەر پەیوەندی نێوان بڕیاری کەسی و ئامانجی کۆتایی دەکاتەوە. لێرەدا، شەهیدبوون لە چوارچێوەی کردەیەکی خۆویست دایە، کە تاک بە وشیارییەوە هەڵیدەبژێرێت، نەک ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو. ئیرادەی مرۆڤ و ئامانجی باڵا دوو ڕەگەزی سەرەکی ئەم پێناسەیەن. لاس بالدوین سمس لە پەرتووکی (گەمژەکان ، شەهیدان ، خیانەتکاران)دا دەڵێت: (شەهید سەر بەو کۆمەڵە هەڵبژێردراوەی ژن و پیاوە کە ئەوەندە کۆنترۆڵی ڕەهاییوونی خۆیان دەکەن و بەهای وردی دەزانن، ئامادەن وازی لێبێنن، کە ژیان وەک ئەوەی لە مانگی ڕابردوو گرنگی نەبێت و فڕەی

دەدەن. (Smith 1997 :3)

ڕیوڤن فایرستۆن لە پەرتووکی (شەهیدبوون) دا باسی سەرەتایترین مانای شەهیدبوون دەکات و دەڵێت: (ئـازاردان و مردنێکی توندوتیژانەیە لە پێناو پابەندبوون بە یاسای (ئایینی، باوەڕ، یان هەر هۆکارێک) سەرەڕای هەڕەشە و فشار بۆ ئەوەی بە پێچەوانەوە ئەنجام بدرێت).(Firestone 2004 :18) ڕیوڤن کەمێک بۆ سەرەتاییترین مانای شەهیدبوون دەگەڕێتەوە و دوو لایەنی سەرەکی دەخاتە ڕوو: یەکەم، ئازاردان و مردنی توندوتیژ، کە ڕەهەندی فیزیکی شەهیدبوونە. دووەم، پابەندبوون بە یاسا یان بیروباوەڕێک سەرەڕای هەڕەشە و فشار، کە ڕەهەندی مەعنەوی و ئەخلاقییە.

ئاینی ئیسلامیش سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ هەردوو چەمکی شەهید و شەهیدبوون، کەچەندین پێناسەو ڕای دەربارەی خراوەتە ڕوو، قوتابخانەی مالیکییەکان دەربـارەی شەهید دەڵێن: )شەهید کەسێکە کە لە لایەن کافرێکی جەنگاوەرەوە بکوژرێت لە شەڕی نێوان موسڵمان و کافراندا، جا شەڕەکە لە وڵاتی موسڵمانان بێت یان کافران، ئەو موسوڵمانە بە چەقۆ یان بەرد یان هەر شتێکی تر بکوژرێت شەهیدە.)(المغربي ، ٢٠٠٩: ٧) لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (سەلامی خودای لەسەر) چەند جۆرێکی شەهید دەستنیشان کراون، کە لە فەرموودەیەکدا (٥) جۆر و لە فەرموودەیەکی تردا (٧) جۆر شەهید دەستنیشان دەکات کە ئەمانەن:

١. ئەوەی لە ڕێگەی خودادا بکوژرێت.
٢. ئەوەی بە نەخۆشی گەدە بمرێت.
٣. ئەوەی لە ئاودا بخنکێت.
٤. ئەو کەسەی بە هۆی هەوکردنی سییەکان دەمرێت.
٥. ئەوەی چەقۆی لێ بدرێت.
٦. ئەوەی دەسوتێت.
٧. ئەو ژنەی بە سەر منداڵ بوونەوە دەمرێت.
٨. ئەوەی لە ژێر ڕووخاندا دەمرێت.
٩. هەر کەسێک لە پێناو پاراستنی سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵیدا بکوژرێت.

زانایان جۆرێکی تریش لەناو فەرمودەکاندا دەستنیشان دەکەن کە ئەویش (گەڕانە بەدوای زانستدا واتە لە پێناو زانیندا بمرێت).(السرحان وجاسم ٢٠٠١: ١٣-١٩)

## ٢- بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی وێنەی شەهید لە شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا

لەم بەشەدا کار لەسەر ڕەنگدانەوەی شەهید و جۆری ئەو وێنە شیعریانە دەکەین کە شاعیر بنیاتی ناون لەناو دەقەشیعرییەکانیدا، کە ئەمانەن:

### ٢-١ شێوازی هەست گۆڕکێ

بریتییە لە بەکارهێنانی هەستێک لە جێگای هەستێکی دیکە یاخود پێدانی ئەرک و ڕۆڵی هەستێک بە هەستێکی تر بە ئامانجی دروستکردنی وێنەیەکی کاریگەر بەواتایەکی تر (هەڵسانی هەستەوەرەکانە هەریەکە بە ئەرکی هەستەوەرێکی تر جگە لە ئەرکە بنچینییەکەی خۆی، ئەو ئەرکەش لە زەینی شاعیر دروست دەبێت و دەیخاتە سەر یەکێک لە هەستەوەرەکان.)(گەردی ٢٠٠٤: ٢٣)بەو مانایەی شاعیران دەتوانن هەستەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. لە کۆپلەیەکدا شاعیر لەوەسفی شەهید"شەماڵ"دا دەڵێت:

من "شەماڵ"م نەبینیوە
قەت دوو بەدوو
چاوی و چاوم
بەیەکەوە دانەنیشتوون.
دەستم قسەی

لەگەڵ دەستیا نەکردووە.
وەکوو تەرزەو وەکوو گڕە
قەت پێکەوە نەبینراوین
ئەو کەڵی ناو شاخان بووەو
منیش شیعرێکی شارنشین.
ئەو سەرچاوەی زەڵم بووەو
منیش شەقامێکی غەمگین. (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٧٧)

لەم شیعرەدا، هونەری هەستگۆڕکێ وەک تەکنیکێک دەردەکەوێت کە شاعیر بەهرەمەندانە بەکاری هێناوە. کاتێک دەڵێت (دەستم قسەی لەگەڵ دەستیا نەکردووە)، هەستی قسەکردن کە بەشێوەیەکی سروشتی تایبەتە بە دەم و زمان، گوازراوەتەوە بۆ دەست. ئەم هەستگۆڕکێیە زۆر مەبەستدارە، چونکە شاعیر هێمای دەست بەکار دەهێنێت بۆ دەربڕینی پەیوەندییەکی نەکراوی فیزیکی و دۆستایەتی لەگەڵ شەهید شەماڵ، کە هەرگیز ڕووی نەداوە نە بە قسە و نە بە کردار. ئەو بەراوردییەکی پڕ لە واتا دەکات لە نێوان خۆی و شەماڵدا؛ شەماڵ وەک (کەڵی ناو شاخان) و (سەرچاوەی زەڵم) وێنا دەکات (هێمای سەربەستی و ئازایەتی) لە کاتێکدا خۆی وەک (شیعرێکی شارنشین) و (شەقامێکی غەمگین) دەبینێت (نیشانەی ژیانی شارستانی و خەم) ئەم بەراوردکردنە جیاوازی دوو ژیان دەردەخات: پێشمەرگە کە ژیانی بەختکردووە و شاعیریش بە وشە خەبات دەکات..

## ٢-٢ شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو

أ/ بەکەس کردن: ئاڵوگۆڕکردن و بەخشینی ئەندام و سیفەتی زیندووە بە مردووەکان، بەومانایەی (پێدانی سیفەتەکانی مرۆڤە بەو شتانەی کە مرۆڤ نین، یاخود زیادکردنی خاسیەتی ئادەمیزادە بۆ سەر ئەو شتانە یان بۆ گیانلەبەرانەی کە ئادەمیزاد نین جا ئەو شتە زیندوو بن یاخود بێگیان بن.)(عباس و حسين ٢٠٢٣: ٤٢٢) لە کۆپلەیەکدا لەوەسفی پێشمەرگەیەکی شەهیدا دەڵێت:

هۆ لوتکەی بەرز!
ئەوا ئێستە دەگەنە لات
مل هەڵبڕەو بەو هەورە تەنیایە بڵێ
کە گەیشتنە سێبەرەکەی
نمە..نمە.. با ببارێ
مل هەڵبڕەو سووک پێی بڵێ
شەهیدێکیان لەگەڵ دایە
ئەڕواتەوە بۆ دێکەی خۆی
لەوێ ئەنوێ
سوک پێی بڵێ
شەهیدێکە زۆر تینویەتی و ئاوی ئەوێ (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٢٠)

شاعیر لوتکەی بەرزی وەک مرۆڤێک وێنا کردووە، چەندین سیفات و ئەندامی مرۆیی بە لوتکە بەخشیوە کە دەکرێت بەم شێوەیە ڕوونی بکەینەوە: ئەو ئەندامە مرۆییانەی کە شاعیر بە لوتکەی بەخشیوە بریتین لە: مل و گوێ و زمان. کاتێک شاعیر دەڵێت (مل هەڵبڕە) لوتکەی وەک کەسێک وێنا کردووە کە دەتوانێت ملی بەرز بکاتەوە بۆ سەیرکردنی هەور. هەروەها توانای قسەکردن و پەیوەندیکردنیشی پێ بەخشیوە کاتێک دەڵێت (پێی بڵێ)، واتە لوتکە دەتوانێت قسە بکات و پەیامێک بگەیەنێت. ئەمەش واتە لوتکە خاوەنی زمان و دەنگیشە. لەگەڵ ئەوەشدا، لوتکە دەتوانێت بیستەر بێت چونکە بانگی دەکات (هۆ لوتکەی بەرز) و دەتوانێت گوێ لە فەرمان و داواکاری شاعیر بگرێت.

لەم کەس بەخشینەدا، لوتکە وەک نێوەندێک دەردەکەوێت لە نێوان زەوی و ئاسمان، لە نێوان

ژیان و مەرگ. دەبێتە پەیامبەرێک بۆ گەیاندنی ئاواتی شەهیدێک کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دیکەی. شاعیر بەم کەسبەخشینە مانایەکی قووڵی سۆزداری و نیشتمانپەروەری بە شیعرەکە بەخشیوە و وێنەیەکی جوانی بەکەسکردنی دروستکردووە بۆ پێشوازی کردن لە شەهید. بە زمانێکی شیعری و سیمبولی مەرگ، گەڕانەوە، پشوودان و تینوێتی بۆ ئازادی بەیەکەوە گرێداوە و مانایەکی قووڵتر و بەرزتر بە شەهادەت بەخشیوە.

ب/ بەرجەستەکردن: بەخشینی هەستپێکراوێکی جەستەدارە بەو شتە ژیری و ناهەستیانەی کە خاوەنی جەستە نین واتا (بەرجەستەبوونی وشە ناهەستییەکانە، کە دەگوێزرێتەوە بۆ وشەیەکی هەستی و سیفاتی تازەی دەدرێتێ.)(کەریم و ئەمین٢٠٠١: ٣٧) واتە بەرجەستەکردن و گۆڕینی بیرۆکەو چەمکە زەینییەکانە بۆ شتی ماددی و هەستپێکراو. لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

هۆ!هۆ!هۆ!ئەی نیشتیمان
خۆ گوێت لێمە!
بە وچاوانەت،بە ئەوینت بە ئازارت
لەئیستەدا
بەتەنافی تەماشای تەڕێ منەوە،هەموو شەوێ
تک،تک،تک،تک
بەسەر قەڵەمی بێدارما
خوێنی شەهیدێکی تازەت ئەتکێتەوە!
(بێکەس ٢٠٠٢: ٦٥٨)

ئەم شیعرە لە رێگای تەکنیکی بەرجەستەکردنەوە نیشتمانی کردووە بە کەسێکی زیندوو کە دەبیستێت، دەبینێت، خۆشەویستی دەکات و ئازار دەچێژێت. شاعیر بەشێوەیەکی هەستیار و کاریگەر و لە ڕێگەی وێنەی بەرجەستەکردنەوە نیشتمانی کردووە بە بوونەوەرێکی زیندوو کە چەندین سیفاتی مرۆیی پێ بەخشیوە. کاتێک دەستپێکی شیعرەکە بە بانگکردنی (هۆ! هۆ! هۆ! ئەی نیشتیمان) دەست پێدەکات، راستەوخۆ پەیوەندییەکی زیندوو دروست دەکات لەگەڵ نیشتماندا، وەک بڵێی کەسێکی نزیک و خۆشەویستە. شاعیر پێمان دەڵێت کە نیشتمان توانای بیستنی هەیە بە گوتنی (خۆ گوێت لێمە)، وەک کەسێک کە گوێی هەبێت و بتوانێت قسەکانی ببیستێت. هەروەها، نیشتمان وەک بوونەوەرێک وێنا دەکات کە خاوەنی (چاوان)ە، واتە توانای بینینی هەیە و دەتوانێت شاعیر و جیهانی دەوروبەری ببینێت. لەگەڵ ئەوەشدا، نیشتمان توانای ئەویندارى و خۆشەویستی هەیە کاتێک شاعیر باسی (ئەوینت) دەکات، هەستێک کە تەنها بوونەوەرە زیندووەکان هەیانە. دیارترین سیفاتی مرۆیی کە بە نیشتمان بەخشراوە توانای هەستکردن بە ئازارە کاتێک شاعیر دەڵێت (بە ئازارت)، کە دەری دەخات نیشتمان وەک مرۆڤ ئازار دەچێژێت لە ئەنجامی ستەم و کارەساتەکان. کاتێک دەڵێت (بەتەنافی تەماشای تەڕێ منەوە، هەموو شەوێ تک، تک، تک، تک بەسەر قەڵەمی بێدارما خوێنی شەهیدێکی تازەت ئەتکێتەوە!) لەم دێڕەدا شاعیر پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ نیشتمان دروست دەکات. چاوی پڕ لە فرمێسک بووە بە (تەنافی تەماشای تەڕ)، کە پەیوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ نیشتمان نیشان دەدات. وێنەی (خوێنی شەهیدێکی تازە) کە هەموو شەوێک لەسەر قەڵەمی بێداری شاعیر دەتکێنێتەوە، دەریدەخات کە قوربانیدانی شەهیدان بووە بە سەرچاوەی ئیلهامی نووسین. دەنگی (تک، تک، تک، تک) ریتمی بەردەوامی زەمەن دەردەبرێت، لەکاتێکدا ئاماژە بە (شەهیدێکی تازە) نیشانەی بەردەوامی خەباتە لە پێناو ئازادی نیشتمان.

## ٢-٣ شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ

زۆربەی شاعیران پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبەن، کاتێک شاعیر دیمەنێک یان وێنەیەک یان دیاردەیەکی لا گەلالە دەبێت وەکو خۆی نایگوازێتەوە، بەڵکو لە هەمبانەی خەیاڵیدا هەڵتەک هەڵتەکی پێدەکات و لە وێنایەکی وەسفی کاریگەرتر لەوەی پێشتر دەیخاتە ڕوو، چونکە بێگومان شاعیران دیدگاو خەیاڵ وهەستێکی ناسکتریان هەیە لە وەرگر، هەربۆیە دەبینین وێنەکان جیاوازتر و کاریگەرترن لەوێنە و دیاردە ڕەسەنەکان، چونکە (شاعیر وێنەکان وەک خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو خەیاڵی خۆی دەخاتە سەر وێنەیەکی جوان و قەشەنگ و دڵڕفێنیان لێ دروستدەکات.)(عیسا ٢٠٠٩: ٩٧) ڕوونتر بڵێین بەشێکی زۆری وێنەکانی ناو هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەم جۆرەن. لە کۆپلەیەکەدا لەوەسفی شەهید فوئاد مەجید سوڵتانیدا دەڵێت:

وەکو نێرگز ساڵی جارێ
بەسەردانێ
ئەو دێتەوە
بەزریباردا دێتەوە
خەونەو لەپڕ پەیدا ئەبێ
ئەگاتە جێ و ورد چاوێکمان پیا ئەگێڕێ.
لەو وەختەدا
ئێمە ئەڵێی دارستانی بنارین و
ئەویش لە لوتکەی سەر ئەچێ.
(بێکەس ٢٠٠٢: ٦٨٨)

شاعیر لە مرۆڤێکی ئاسایی زیاتر دەکەوێتە ژێر دیاردە و ڕووداو و سروشت و باشتریش دەتوانێت تەعبیر لەو شتانە بکات و لەڕێگەی وێنەو وەسفی بەرز و قوڵ و فەلسەفی بەیانیان بکات و سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت. شاعیر وێنەیەکی هەستیاری شەهیدێک دەخاتە ڕوو کە ساڵی جارێک وەک نێرگز دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی خۆشەویستانی. شاعیر بە شێوەیەکی ناسک و پڕ لە خەیاڵ، گەڕانەوەی شەهید وێنا دەکات؛ وەک خەونێک کە لەناکاو دەردەکەوێت. ئەم دیمەنە هەست و سۆزێکی قووڵ دەوروژێنێت، چونکە شەهید لە ڕێگەی زریبارەوە دەگەڕێتەوە – کە ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی سروشتی کوردستان و مەڵبەندی یادەوەرییەکان. کاتێک شەهید دەگەڕێتەوە، وردبینانە چاو بە خۆشەویستانیدا دەگێڕێت، وەک ئەوەی دڵنیا بێت لە باری ژیانیان. وێنەی بەراوردکردنی خەڵک بە (دارستانی بنار) و شەهید بە کەسێک کە لە (لوتکەی سەر ئەچێ) ئاماژەیە بۆ بەرزی و پیرۆزی پێگەی شەهید. لێرەدا شاعیر مەزنایەتی و بەرزی شەهید دەخاتە ڕوو، کە سەرەڕای نەمانی جەستەیی، هێشتا لە بیر و یادەوەری خەڵکدا بە پایەیەکی بەرز دەمێنێتەوە.

## ٢-٤ کەڵەکە بوونی وێنە (هێشوە وێنە)

بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی چەند وێنەیەکی تاک، بە ئومێدی دروستکردنی وێنەیەکی گشتی کە زۆر جار لە شیعروقەسیدەی درێژدا ڕەنگ دەداتەوە و بەدیدەکرێت، کە ئەم کۆمەڵە وێنەیە لە ژێر سەقفێکی پەیوەندیدار بەیەکەوە ڕیزدەکرێن وێنەیەکی قەشەنگ بەیەکەوە بنیات دەنێین. لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

وەکوو هەتاو"زین" لەکوێ بێ
سێبەری "مەم" لەوێ بوو.
زەردەخەنەی گوڵ لە کوێ بێ
ماچی هەنگی خۆشەویستی لەوێ بوو.
مانگی ئازادیی کوردستان لەکوێ بووبێ.
خەرمانەی خوێنی شەهیدان لەوێ بووە.
(بێکەس ٢٠٠٢: ٢٩٦)

شاعیر دەیەوێت بە چەند وێنەیەکی تاک وێنەیەکی گشتیمان بۆ بکێشێت ، کە هەریەک لەو وێنە تاکانە بەشدارن و بەگوێرەی کاریگەرییەکەیان ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی. شاعیر لە ڕێگەی سێ دوانەی جوان وێنەی ئازادی کوردستان دەکێشێت کە سەرچاوەکەی خوێنی شەهیدانە. لە دوانەی یەکەمدا (زین و مەم) وەک هەتاو و سێبەر وێنا دەکات، کە تەواوکەری یەکترن و بوونی یەکێکیان بەبێ ئەوی تر بێمانایە. دوانەی دووەم (گوڵ و هەنگ) پەیوەندییەکی سروشتی و هاوسەنگ نیشان دەدات لە نێوان بوونەوەراندا. دوانەی سێیەم (ئازادی و شەهیدان) ئەو ڕاستییە دەربڕێت کە ئازادی بەبێ خوێنی شەهیدان مەحاڵە. لە (خەرمانەی خوێنی شەهیدان)دا شاعیر گەورەیی قوربانیدان دەردەخات و پەیامی سەرەکی ئەوەیە کە ئازادی هەمیشە پێویستی بە بەهایەک هەیە، هەروەک چۆن زین بەبێ مەم و گوڵ بەبێ هەنگ ماناکەیان لەدەست دەدەن.

## ٢-٥ لێکچواندنی لێکدراو

بریتییە لە چواندنی چەند شتێک بەیەک شت یان (وێنەی لێکدراو لەسەر بنچینەی وێنەکێشانی سیفەتی جۆراو جۆری یەک وەسفکراو بنیات دەنرێت.)(عباس و حسین ٢٠٢٣: ٤٢٧) بەو مانایەی چەند سیفەتێک بۆ یەک وەسفکراو بە کاردێت، واتا لێرەدا چەند (لەوچوویەک) ئامادەبن بۆ خزمەتی (لێچوویەک). لە کۆپلەیەکدا دەربارەی مامە ڕیشە دەڵێت:

مامە ڕیشە
ئەی پڵنگی چنگ بەگڕی گەرمیانم !
بەیتی تازەی توحفەی ئەمڕۆی کوردستانم
لە ماڵانی گوند بەگوندی هەڵقرچاوا
تۆ قوتیلکەی بەر هەیوانی.
داسی دروێنەو، هەتاوی
سەربانیژەی زستانانی .
مانگە شەوی هێشوی ڕەزی.
هاژەی چەم و وژە وژەی دارستانی.
ئاگری شوانی
وەکو باران
وەکو کانیی
وەک دەغڵ و دان
خۆشەویستی.
تو کوڕی بابەگوڕگوڕی
داستانێکی سەدەی بیستی! (بێکەس ٢٠٠٢: ٣١٤)

شاعیر لە ڕێگەی لێکچواندنی لێکدراوەوە کەسایەتی شەهید (مامە ڕیشە) بە زنجیرەیەک لەوچوو دەردەبڕێت، شاعیر (مامە ڕیشە) بە چەندین وێنەی هێمایی وەسف دەکات کە پێگە و گرنگی ئەم کەسایەتییە نیشان دەدات. وەک پڵنگی چنگ بەگڕی گەرمیان دەیبینێت (هێمای ئازایەتی) وەک بەیتی تازەی کوردستان (نرخ و تازەگەری) و وەک قوتیلکەی بەر هەیوان لە گوندەکاندا (ناوەندی کۆبوونەوە) هەروەها وەک داسی دروێنە (ڕەنج و بەرهەم) هەتاوی سەربانیژەی زستان (ڕووناکی لە سەختیدا) مانگەشەوی هێشو (جوانی و بەرەکەت) و ئاگری شوان (ڕووناکی لە تاریکیدا) وەسفی دەکات. شاعیر ئەویش بە دیاردە سروشتییەکانی وەک باران، کانی و دەغڵ دەچوێنێت کە هێمای خێر و ژیانن. لە کۆتاییدا وەک کوڕی بابەگوڕگوڕ و داستانی سەدەی بیست ناوی دەبات، کە ئاماژەیە بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی. بەم شێوەیە (مامە ڕیشە) نەک تەنها کەسێک، بەڵکو هێمایەکی نەتەوەییە کە بەهاکانی کۆمەڵگای کوردی لە خۆی کۆکردووەتەوە.

### ٣-٦ وێنەی شیعری لە ڕووی هەستی و ژیرییەوە(واتایی)

یەکەم/ وێنەی هەستی: هەموو ئەو دیاردانەی کە شاعیر لە جیهانی واقیع و خەیاڵدا هەستیان پێدەکات، دەیانگوازێتەوە بۆ جیهانی ناوەوەی، چونکە وێنەی هەستی (وێناکردنی جیهانی ناوەوەی شاعیرە بە هەموو هەست و بیرکردنەوە و وەسوەسەو و بیرۆکەکانییەوە.)(بومالی، ٢٠١٨: ١٢٧) شاعیر هەستی بینین و بیستن و بەرکەوتن و بۆنکردن و تامکردن لە ڕێگەی وشەوە بەیان دەکات و وەرگریش لەڕێگەی هەستەکانەوە درکی پێدەکات.

دووەم/ وێنەی واتایی: زۆرێک وێنە دەبینین لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە بەر هەستەکانی مرۆڤ ناکەون چونکە هیچ قەبارە و بارستاییەکیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بوون و گرنگیان دەکەین، ئەم جۆرە وێنانە لە ڕێگەی عەقڵ و ئاوەز و ژیریەوە هەست بەبونیان دەکەین، هەروەکو (جۆن دینس) دەڵێت: (دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیری، زۆر دوورە لە ڕەوانبێژی هەستەکانەوە، زیاتر بابەتی خۆشەویستی بە خۆیەوە دەگرێ، هەروەها دوورە لە وەسفی باو.)(عەلی ٢٠٠٧: ١٢٣) شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەربارەی شەهیدکردنی سێ گەنجی شاری سلیمانی بەدەستی ڕژێمی بەعس دەڵێت:

مانگی پژان و هەڵوەرین، حەڤدەی کانون،
لەڕۆژێکی خۆرەتاودا
لە بەردەم مەکتەبێکی حەپەساودا
لەپاڵ دیوارێکی نزما، ڕایانگرتن
ئەرخەوانبوون
ڕوویانکردە (پیرەمەگروون)
سێ ئاسکبوون
سێ ئاسکی (سلێمانی)
سێ جوانوی وەرزی قوربانیی.
سێ گۆرانیی.
سێ دارنەمام.
(سەردار) لقی دار چوالەبوو
یەکەم بەهاربوو گوڵ بگرێ
(هیوا).. ئەتوت کانیەکەوپێ ئەکەنێ
(ئارام)..بێچوە هەڵۆی چاوتیژ
ئەیویست بەر لەوەی پەڕ دەرکا
بەرەو حەسارۆست هەڵفڕێ!
لەپاڵ دیوارێکی نزما ڕایانگرتن
شریخەیەک و دووان و سیان و چوار و دە
تفەنگ.. خۆرەتاو ئەکوژێ!
تفەنگ خوێنی گوڵەگەنم
بەسەر شەقامدا ئەڕێژێ! (بێکەس ٢٠٠٢: ٦٠٨)

لە ڕووی وێنەسازییەوە، شاعیر وێنەی شەهیدەکانی لە ڕێگەی چەندین لێکچواندنی هونەرییەوە بەرجەستە کردووە، کە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر هەستی بینین و بەرکەوتنی خوێنەر. لێکچواندنی شەهیدەکان بە (سێ ئاسک)، (سێ جوانوی وەرزی قوربانی)، (سێ دارنەمام) هەروەها لێکچواندنی تایبەت بۆ هەر شەهیدێک ((سەردار) وەک لقی داری چوالە و(ئارام) وەک بێچوە هەڵۆی چاوتیژ) پێکهاتەیەکی دیداری دەوڵەمەندی خوڵقاندووە. وشەکانی (ئەرخەوان)، (پیرەمەگروون)، (دیوار)، (خۆرەتاو)، (تفەنگ) و (خوێن) هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی ئەو وێنە دیدارییەی کە خوێنەر بەر هەستی بینین و بەرکەوتنی دەکەوێت. شاعیر لە ڕووی هەستی بیستنەوە، توانیویەتی لە ڕێگەی وشەکانی (گۆرانی) و (شریخە)ی تفەنگەکان، بارگاوی دەنگی بۆ وێنەکە زیاد بکات. ئەم وشانە وێنەیەکی بیستن دروست دەکەن.

لە لایەکی ترەوە، شاعیر توانیویەتی سنووری

هەستەکان تێپەڕێنێت و لە ڕێگەی چەمکە واتاییەکانەوە هەندێک وێنەی واتایی بخولقێنێت، کە بەر هەستە فیزیکییەکان ناکەون، بەڵکو لە ڕێگەی بیر و ئاوەزەوە درک دەکرێن. نموونەی "پێکەنینی کانی"، "خوێنی گوڵەگەنم" و "خۆرەتاو ئەکوژێ" وێنەگەلێکی واتایین کە تەنها لە ڕێگەی تێگەیشتنی هزری و هێماییەوە دەشێت درکیان پێ بکرێت. تێکەڵکردنی هەستە فیزیکییەکان (بینین، بیستن، بەرکەوتن) و وێنە زەینییەکان کە دەسەڵاتی هزر و ئاوەز تێیاندا زاڵە، شیعرەکەی لە وێنەی سادەوە بەرز کردووەتەوە بۆ وێنەی هونەری. شاعیر توانیویەتی تابلۆیەکی تەواو و هەمەلایەنە لە تراژیدیای مەرگی سێ شەهیدەکە بکێشێت.

## ٧-٢ وێنەی دەروونی

بریتییە لەو وێنانەی کە دەروونی شاعیر یان تاکەکان بەیان دەکات، لەم بارەوە (پاوەند) دەڵێت: (وێنە پیشاندانی لێکدراوێکی دەروونی و سۆزدارییە، لە ساتێکی کاتدا.)(الجنابي٢٠١٩: ٢٠٣) هەر لە کۆنەوە وێنە دەروونییەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ناخ و دەروونی شاعیردا هەبوو هەمیشە لە خزمەت شاعیراندا بوون بۆ گەیاندنی هەست و نەستەکانیان بە تایبەت ئەو هەستانەی کە ناتوانرێن ڕاستەوخۆ بەرجەستە بکرێن، وێنەی دەروونی ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ. لە کۆپلەیەکدا لەوەسفی شەهید "جەمیل ڕەنجبەر"دا دەڵێت:

سەعاتێ زیاترە لە چاویام
تەماشای خۆر ئەکەم
سەعاتێ زیاترە لە دڵیام
گوێ ئەگرم لە خوێن و سەر ئەنێم
بەسنگی خاکەوە. (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٨٧)

شاعیر بە وێنەیەکی هەستیار و کاریگەر دەربڕینی هەست و تێڕامانی دەروونی خۆی دەکات بۆ هاوڕێ شەهیدەکەی. کاتێک دەڵێت (سەعاتێ زیاترە لە چاویام تەماشای خۆر ئەکەم)، دەشێت خۆر وەک هێمایەک بێت بۆ یادەوەری و ڕووناکی گیانی جەمیل ڕەنجبەر. خۆر هێمای بەردەوامی و نەمری و درەوشانەوەیە، هەروەک چۆن یادی شەهید لە بیروباوەڕی نەتەوەییدا بەردەوام درەوشاوەیە. کاتی دەڵێ (سەعاتێ زیاترە لە دڵیام گوێ ئەگرم لە خوێن) دەربڕینی ئازار و خەمی قووڵی شاعیرە بۆ لەدەستدانی هاوڕێکەی. گوێگرتن لە لێدانی دڵ نیشانەی ئەو خەمەیە کە هێشتا لە سینگی شاعیردا دەژیت. هەروەها دەشێت ئاماژە بێت بۆ ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە لەگەڵ خوێنی شەهیدان بەستوویەتی. یان (سەر ئەنێم بەسنگی خاکەوە) وێنەیەکی کاریگەرە بۆ پەیوەندی شاعیر بە گۆڕی هاوڕێکەی و ئەو خاکەی کە جەستەی شەهیدی لە ئامێز گرتووە. لێرەدا خاک دەبێتە شوێنی پەیوەندی نێوان دوو هاوڕێ، یەکیان زیندوو و ئەویتریان شەهید. لە دواتر کاتێک دەڵێت (سەعاتێ زیاترە من ئەوم، ئەو منە)، دەیەوێت بڵێت کە ڕۆحی ئەو و جەمیل تێکەڵبوونە، یادەوەری و ئامانجەکانی جەمیل ڕەنجبەر بەشێک بووە لە ناسنامەی شاعیر. شاعیر خۆی بە بەردەوامی ڕێگای هاوڕێ شەهیدەکەی دەزانێت، و هەست دەکات ئەرکی سەرشانیەتی بەردەوام بێت لەو ڕێگایەدا.

## ٨-٢ وێنەی هێمایی (ڕەمزی)

ڕەمز یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان بۆ شیعر، کە (شاعیران هەمیشە مەبەستەکانیان لە پشت ڕەمزەکانەوە حەشار داوە، بەمەش جۆرە وێنەیەک بەرپا دەبێت کە پڕیەتی لە نیشانە وە بۆ تێگەیشتن لەم وێنە هێماییانە پێویستە خوێنەر لێکدانەوەیەکی

وردی بۆ بكات.)(حەسەن و حسێن٢٠٢١: ٢٨)
شاعیر لە شیعرێكدا دەڵێ:

لەدوای (مەسیح)
خاچ بوو بەنیشانەی دییان
- ئەی بۆ شەهیدی كوردستان؟!
-من نیشانەو
مەدالییای
سێدارەیەك دروست دەكەم
هەتا یەك یەك
بیدەن لەیەخەو بەرۆكتان.

(بێكەس ٢٠٠٢: ٢٤٨)

لەم دەقە شیعرییەدا، شاعیر چەند ڕەمز و هێمای گرنگی بەكارهێناوە كە پەیوەندییان بە ئایین، مێژوو و نیشتمانپەروەرییەوە هەیە. (مەسیح) ئاماژەیە بۆ پێغەمبەر عیسا. (خاچ) ڕەمزی سەرەكی ئایینی مەسیحییە و ئاماژەیە بۆ قوربانیدان و خۆبەختكردن. شاعیر بەراوردی دەكات لەگەڵ نیشانەی شەهیدانی كوردستان كە پێشنیاز دەكات (سێدارە) بێت وەك هێمایەك بۆ قوربانیدان و ستەملێكراوی گەلی كورد. سێدارە لێرەدا بووەتە مەدالیا و نیشانەیەك كە دەبێتە شانازی و بەڵگەی خەباتی نەتەوەیی. شاعیر بە شێوەیەكی هونەری ڕەمزەكانی ڕێكخستووە تا پەیوەندییەك لەنێوان چەمكی قوربانیدان لە ئایینی مەسیحی و قوربانیدانی نیشتمانپەروەرانی كورد دروست بكات، هەروەها شانازییەك لە ڕەمزی ئازار (سێدارە) دروست دەكات كە گۆڕاوە بۆ نیشانەی سەربەرزی و شەرەف. ئەم ڕێكخستنە هونەرییە بەهێزە، ڕەمزی ئایینی و نەتەوەیی تێكەڵ دەكات بۆ دروستكردنی وێنەیەكی كاریگەر لە پیرۆزی قوربانیدان بۆ نیشتمان. وێنەی هێمایی سەرەكی لەم شیعرەدا (سێدارە)یە كە شاعیر دەیكاتە هێمایەك بۆ شەهیدانی كوردستان. سێدارە لێرەدا ڕەمزی ئازار، قوربانیدان و ستەمی مێژوویی دژی گەلی كوردە. شاعیر بە تووڕەیی و خەمەوە دەڵێت كە ئەو نیشانە و مەدالیایەك لە شێوەی سێدارە درووست دەكات تا خەڵك بیدەنە یەخەی خۆیان، وەك بیرهێنانەوەیەك بۆ ئەو قوربانییانەی كە شەهیدانی كورد پێشكەشیان كردووە.

## ٢-٩ وێنەی لێكچواندن

یەكێكە لەهەرە وێنەبەربڵاوەكانی دونیای شیعر، كە زۆربەی شاعیران لەبەرهەمەكانیان ڕەنگیان پێداوەتەوە، چونكە (ئاسانترین جۆری ئەو پێكهێنە ڕەوانبێژیانەیە كە وێنە بونیاد دەنێت، شاعیر زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەكی فراوانیشی لە بەردەمدا دەكرێتەوە.))عبدوڵلا و میرە و حمەفەرەج، ٢٠٢١: ٦) هەروەكو شاعیر لە كۆپلەیەكدا دەڵێت:

ئەوان هێشویەك ئەستێرەی شین بوون
بۆ دوارۆژی كورد ئەجریوانەوە
ئەوانیش كێردی نامەردی و قین بوون
بۆ سەربڕین ئەبریسكانەوە.

(بێكەس ٢٠٠٢: ٢٩٣)

شاعیر لێكچواندنێكی جوان دەكات بۆ قوربانییەكان و بكوژەكان: (ئەوان هێشویەك ئەستێرەی شین بوون) - لێرەدا لێكچواندنی تەواوە. قوربانییەكان بە (ئەستێرەی شین) لێكچوێنراون، كە وێنەیەكی زۆر جوانی هیوا و ڕووناكییە. (هێشویەك) واتە كۆمەڵێك پێكەوە، كە ئاماژەیە بە یەكگرتوویی و كۆمەڵیبوونی قوربانییەكان. لێچوو (ئەوان)ە (قوربانییەكان) لەوچووە (ئەستێرەی شین)ە. (بۆ دوارۆژی كورد ئەجریوانەوە) - واتە ئەو ئەستێرانە بۆ داهاتووی گەلەكەیان ڕووناكیان دەبەخشی. (ئەوانیش كێردی نامەردی و قین بوون) - لێرەدا لێكچواندنێكی

تر هەیە. بکوژەکان بە (کێردی نامەردی و قین) لێکچوێنراون، واتە چەکی پڕ لە ڕق و کینە و نامەردی. لێچوو (ئەوانیش)ە (بکوژەکان) لە وەچوو (کێردی نامەردی و قین)ە. (بۆ سەربڕین ئەبریسکانەوە) - ئەمە دژایەتی تەواوی دێڕی دووەمە. لە کاتێکدا قوربانییەکان بۆ ڕووناکی و ئایندە دەدرەوشانەوە، بکوژەکان بۆ سەربڕین و کوشتن دەبریسکێنەوە. ئەم دوو لێکچواندنە بۆ دروستکردنی دژایەتی بەکارهێنراون - یەکەمیان وێنەیەکی جوان و پڕ لە هیوا و ڕووناکییە، دووەمیان وێنەیەکی ترسناک و پڕ لە توندوتیژی و ڕقە.

## ٢-١٠ وێنەی خواستن

خواستن یەکێکە لەهونەرە دیار و چڕەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا. عبدلقاهر الجرجانی هونەری خواستن بە پایە بڵندتر دادەنێت لە هونەری لێکچواندن و دەڵێت: (خواستن پێگەیەکی بەرزتری هەیە لە لێکچوواندن، چونکە خواستن پوختتر و کورترە، توانای سەلماندنی مەبەستدارتری هەیە.) (الجنابي ٢٠١٤: ١٣٤) دەبین کە باسی لە گرنگترین تایبەتمەندی کردووە کە ئەویش کورتبڕییە، واتە بەکەمترین وشە زۆرترین مانابدات بەدەستەوە، ئەو پێی وایە تەیبەتمەندی کورتبڕی لەخواستندا باشتر بەرجەستە دەبێت. هەروەکو شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەربارەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەڵێت:

بۆ ئەڕۆی ئەی ئاسکە سورەکە
بۆ ئەڕۆی !
بۆ ئەڕۆی ئەی مانگی
کاکۆڵ ئاڵ بۆ ئەڕۆی ؟!
بەم شەوە بۆ ئەڕۆی!
باران و ڕەهێڵە
دەتوخوا هەر ئەشڕۆی
گوڵاڵەی زامێکی سەرسینگت
لەلای من جێ بهێڵە. (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٨٩)

ئەم شیعرە وێنەیەکی خەمناک و پڕ سۆزە بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر. شاعیر وێنەیەکی شیعری جوان دروست دەکات، لە ڕێگەی چەند وێنەی خواستنەوە باس لە کۆچی شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەکات. شیعرەکە سەرتاپا پرسیار و داواکارییە بۆ ئەوەی ئەو کەسە خۆشەویستە نەڕوات و بمێنێتەوە. وشە خواستراوەکان ئاسکە سورەکە: خواستنێکە بۆ شەهید جەمیل. ئاسک نیشانەی جوانی، ناسکی و بێتاوانییە. سوور بوونیش ئاماژەیە بۆ خوێن و شەهادەت. شاعیر جەمیل بە ئاسکێکی سوور وێنا دەکات کە هاوکات جوان و ناسکە و خوێنی لێ دەچۆڕێت، مانگی کاکۆڵ ئاڵ: خواستنێکی دیکەیە بۆ جەمیل ڕەنجبەر. مانگ نیشانەی ڕووناکی و ڕێنیشاندەرە، کاکۆڵ ئاڵیش (کاکۆڵی سوور) دیسان ئاماژەیە بۆ خوێن و قوربانیدان. واتە شەهید جەمیل وەک مانگێک بووە ڕووناکی بەخشیوە بە گەلەکەی. گوڵاڵەی زامێکی سەرسینگ: ئەمەش خواستنێکی زۆر بەهێزە. گوڵاڵە گوڵێکی سوورە و لێرەدا وێنەیەکی شیعرییە بۆ برینی سەر سنگی شەهید. شاعیر داوا دەکات هیچ نەبێت ئەم برینە (یادەوەرییە، قوربانیدانە) لای ئێمە بەجێ بهێڵێت، واتە یادی لە دڵماندا بمێنێتەوە.

## ٢-١١ وێنەی درکەیی

درکە یەکێکە لەو توخمانەی کە شاعیر لە پێکهێنانی وێنەکانیدا پەنای بۆ دەبات، کە شانبەشانی لێکچواندن و خواستن گرینگیەکی زۆری هەیە، چونکە (بەشدارە لە پێکهێنانی وێنە لە خۆیدا بەبێ ئەوەی تێکەڵ بە توخمەکانی دیکە بێت،

بۆیە بە یەکێک لە تایبەتمەندییە ڕوونەکانی وێنە دادەنرێت لەناو شیعر و قسە خۆشی و نووسیندا، لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە لە شوێنێکدا دێت شیاوی ئەویی نییە و ڕوون و ئاشکرانییەو لە هەمان کاتدا پشت بە کورتییەکەشی دەبەستێت.) (سلمان، ٢٠١١: ١٠٤) بەو مانایەی درکە بنەمایەکی گرنگی وێنەی شیعرییە، کە بەتەنها دەتوانێت وێنە دروست بکات بێ ئەوەی پێویستی بە هونەرەکانی تر هەبێت. شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەربارەی شەهید مامەڕیشە دەڵێت:

کۆببنەوەو هەستنە سەرپێ
سەرهەڵبڕن!
بازێک شەلاڵی خوێناوەو
تۆزێکی تر
بەم ناوەدا تێئەپەڕێ!
ڕوەوقەندیل
بەسەر هەورازی شەختەدا
نزم ئەفڕێ (بێکەس ٢٠٠٢: ٣١٣)

لەم دەقە شیعرییەدا، شاعیر وێنەیەکی درکەی زۆر بەهێزی بەکارهێناوە. شاعیر وشەی (باز) ی درکاندووە بۆ وەسفکردنی مامە ڕیشە. ئەمە درکەیەکی ڕوونە کە تێیدا مامە ڕیشە بە بازێک وێنا دەکرێت کە (شەلاڵی خوێناوە). باز نیشانەی ئازایەتی، بەرزی، پاکی و ڕاوکردنە، هەروەها سیمبولی ئازادییە لە کولتووری کوردیدا. شاعیر لە ڕێگەی ئەم درکەوە وێنەیەکی بزۆکی کێشاوە بۆ شەهیدەکە، کە وەک بازێکی بریندار (شەلاڵی خوێناو) نزم دەفڕێت بەرەو قەندیل و بەسەر هەورازی شەختەدا تا دەگاتە لوتکە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕێگای خەبات و شەهیدبوونی مامە ڕیشە و گەیشتنی بە ئامانجی بەرز و پیرۆز. ئەم درکەیە هێزێکی گەورەی بەخشیوە بە وێنەی شیعرییەکە و توانیویەتی مانای قوربانیدان، فیداکاری، بەرزی و گەورەیی ڕێگای خەبات و شەهیدبوون لە کەسایەتی مامە ڕیشەدا دەربخات.

## ئەنجام

شێرکۆ بێکەس زۆر بە وریایی و شارەزاییەکی تەواوەوە وێنەی شەهیدانی هەرچوارپارچەی کوردستانی کێشاوە. ئەمەش بە شێکی ئەو ئەزموونەیە کە لە ناو واقیعەکەدا ژیاوە. لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی هونەریانە وێنەی هەستی و واتاییەکانی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی شەهیدان. شاعیر لە جیاتی زمانی ڕاستەوخۆ، بە ڕەمز و هێما شیعریەکان شەهادەتی وەک ئەزموونێکی قووڵی مرۆیی نیشانداوە. هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە، چونکە دەیویست شەهیدان لە چوارچێوەی مردنی ئاساییدا نەبینرێن، بەڵکو وەک خۆشەویستانی زیندوو و کاریگەر پێشکەش بکرێن. شاعیر زۆرجار سروشتی بۆ وێناکردنی شەهیدان و دەربڕینی هەستە قووڵەکانی بەکارهێناوە، چونکە سروشت توانای وێناکردنی ئەو هەستانەی هەیە، کە زۆرجار قسە ناتوانێت لێی دربڕێت.

## سەرچاوەکان

به کوردی

– ئەمین، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٩) وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– بێکەس،شێرکۆ (٢٠٠٢) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی.

– رضا، ئیدریس عبدالله (٢٠٢١) وێنەی شیعری له دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محەمەد)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

– عیسا، هاوژین سڵێوه (٢٠٠٩) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٢٣) واتا لەدەرەوەی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

– گەردی، سەردار ئەحمەد حسن (٢٠٠٤) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– مستەفا، د.ئیدریس عبدالله (٢٠١٧) دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

– احمد، مەریوان حمەکریم (٢٠٢٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری(سالم)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– شارەزا ،کەریم (١٩٩٧) وێنەی شیعری کوردی لە هەردوو باری جولاو و چەسپاودا، گۆڤاری (رامان) ژمارە (١٥)

– عەلی، د.طاهر محەمەد (٢٠٠٧) وێنەی کاریکاتێری لەچەند شیعرێکی داشۆرینی(شێخ رەزای تاڵەبانی)دا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی) ژمارە(٢٢) کانونی یەکەم.

– عباس و حسین، لانه رضوان و پ.ی.د.جبار احمد (٢٠٢٣) بنیاتی وێنەی شیعری له شیعری (مستەفا بەگی کوردی)دا، گۆڤاری(قەڵای زانست) ژمارە(١) بەرگی (١)

– عبدوڵڵا و میرە و حمەفەرەج، کانیاو بەکر و ئەحمەد محەمەد رەشید و دیلان سەلام (٢٠٢١) وێنەی شیعری لە شیعرەکانی"سالم"دا، گۆڤاری(زانکۆی گەرمیان) ژمارە (١) بەرگی (٨) نیسان.

– .کاکەی فەلاح (١٩٨٦) وێنەی شیعری چییە؟، گۆڤاری(کاروان) ژمارە(٤٩) تشرینی یەکەم، ساڵی پێنجەم.

– کەریم و ئەمین ، د.زایەر لەتیف و عبدولقادر محەمەد (٢٠٠١) بنیاتی وێنە لە شیعری ڕۆمانتیکی کوردیدا، گۆڤاری(زانکۆی سلێمانی) ژمارە(٥)

به عەرەبی

– الرباعي ، عبدالقادر (١٩٩٤) دراسات حديثة في الصورة الشعرية تاريخا و منهجا، مجلة (دار المنظومة العدد(١٣) المجلد(٤) سبتمبر.

– البصير، د.كامل حسن (١٩٨٧) بناء الصورة الفنية في البيان العربي، الجمع العلمي العراقي، عراق.

– السرحان وجاسم، محي هلال و احمد حسوني (٢٠٠١) الشهيد فی الاسلام، منشورات منظمة المؤتمر الإسلامي شعبي، بغداد.

– المسبحي، الدكتور عادل جاسم صالح (٢٠٠٨) الشهيد في السنة النبوية من واقع الكتب الستة ، ط١، شركة ومكتبة الإمام الذهبي ، الكويت.

– المغربي، أبو أسامة (٢٠٠٩) رسالة الفريد في تبيان فضل الشهيد (جواب السؤال حول إرسال الثواب للشهيد) مكتبة النور.

– الجنابي، جمال خضير (٢٠١٩) الصورة الشعرية في جنار نامق، ط١، دار غيداء للنشر و التوزيع، الاردن.

– الجنابي، جمال خضير (٢٠١٤) وسائل تشكيل الصورة الشعرية عند فوزي الاتروشي، ط١، دارومكتبة عدنان، بغداد.

– بلمقنعي ، د.عمر (٢٠١٦) مفهوم الصورة و حضورها

في النقد الادبي عند العرب والغربيين، مجلة (التواصل في اللغات و الآداب) العدد(٤٦) حزيران.

– صالح، بشرى موسى (١٩٩٤) الصورة الشعرية في النقد العربي الحديث، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت.

– باباعربى، فطيمة الزهرة (٢٠١٨) حجاجية الصورة الشعرية في شعر احمد عبد الكريم، رسالة الماجستير،كلية الاداب واللغات، جامعة قاصدي مرباح-ورقلة.

– ريـان، نـزار عبد القـادر محمد (١٩٩٠) أحاديث الشهادة والشهيد جمع وتصنيف وتخريج ودراسة لما يتعلق بالشهيد، رسالة الماجستير،كلية الدراسات العليا ، الجامعة الأردنية.

– سلمان، حسام تحسين ياسين (٢٠١١) الصورة الفنية في شعر ابن القيسراني عناصر التشكيل والابداع، رسالة الماجستير،كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية.

– اكتراب ، د.المصطفى (٢٠٢٤) الصورة الشعرية في الدراسات العربية والغربية، مجلة (ابن خلدون للدراسات و الابحاث) العدد(٨)المجلد(٤) سبتمبر.

– بومالى ، د.حنان (٢٠١٨) تشكيل الصورة الشعرية في النص الشعري العربي المعاصر، مجلة (كلية الآداب و اللغات) العدد(٢٣) حزيران.

– بورديم ، أ.د.عبدالحفيظ (٢٠١٦) جمالية الصورة الشعرية- قراءة في الاصول والدلالات، مجلة (دراسات) حزيران.

## بە ئینگلیزی

-Bowersock, G. W (2002), MARTYRDOM AND ROME, Cambridge University Press, First impresslon, Cambridge.

- Smith, Lacey Baldwin (1997), Fools, martyrs, traitors: the story of martyrdom in the Western /world, Second impresslon, Northwestern University Press Evanston, Illinois.

-Belanger, J. J., Sharvit, K., Caouette, J., & Dugas, M. (2014), The psychology of martyrdom: Making the ultimate sacrifice in the name of a cause. Journal of Personality and Social Psychology, 107(3), American Psychological Association.

-Boyarin, D. (1998), Martyrdom and the making of Christianity and Judaism. Journal of Early Christian Studies, (64.)

-Firestone, R. (2004). Martyrdom. Journal of Early Christian Studies, January.

بە ڕووسی

- Лотман, Ю. М. (1969), Как читать стихи: Анализ поэтического текста, Издательство (ПРОСВЕЩЕНИЕ), Ленинград

- РЫЖАКОВА & РЕНКОВСКАЯ, СВЕТЛАНА & ЕВГЕНИЯ (2022), Смерть за идеалы и почитание за смерть: к вопросу о мученичестве и его возможных моделях в культуре Индии, № 40(1), Государство, религия, перковь в России и за рубежом.

الملخص

هذا البحث دراسة تحليلية لصورة (الشهيد في شعر شيركو بيكەس). يحتل الشهيد مكانة خاصة كرمز ثقافي وقومي في المجتمع الكردي، وخاصة عند الشاعر الراحل شيركو بيكەس الذي كان له تجربة شخصية كمقاتل بيشمركة ورفقة مع الشهداء في شعره، لا يصور الشهيد فقط كرمز للتضحية، بل كقوة حية ومستمرة تمنح الحياة للنضال القومي حتى من خلال الموت. تنبع أهمية هذا البحث من عدم وجود دراسات سابقة وندرة المصادر باللغة الكردية حول هذا الموضوع. خلص البحث إلى أن شيركو بيكەس قد نجح في رسم صورة فنية لشهداء كردستان باستخدام المفردات الكردية الأصيلة، وفي قصائده يصبح دم الشهيد ماء يغذي الوطن ويقوده نحو الحرية. المنهج المتبع في هذا البحث هو المنهج )الوصفي والتحليلي). و لذا فان دراستي هذه تكمن في قسمين: ففي القسم الاول نذكر صورة الشهيد و مفهومه، والاصطلاح والتعابير النقدية لدى النقاد مرة، و مفهوم الشهيد والتعرف عليه في مرة أخرى. ويحتوي القسم الثاني انعكاسات صورة الشهيد وأنواع الصور في قصائد الشاعر بشكل عملي.

الكلمات المفتاحية: شيركو بيكەس،الصورة، الشهيد، تضحية، الكورد.

Abstract

This research is an analytical examination of the image of the martyr in Sherko Bekas's poetry. The martyr holds a special place as a cultural and national symbol in Kurdish society, particularly for Sherko Bekas who had personal experience as a Peshmerga fighter and companionship with martyrs. In his poetry, the martyr is depicted not merely as a symbol of sacrifice, but as a living and continuous force that gives life to the national struggle even through death. The significance of this research stems from the absence of previous studies and the scarcity of Kurdish-language sources on this subject. The research concluded that Sherko Bekas successfully created an artistic portrayal of Kurdistan's martyrs by using authentic Kurdish vocabulary, and in his poems, the martyr's blood becomes water that nourishes the homeland and leads it toward freedom. The methodology followed in this research is descriptive and analytical. This study consisted of two parts: First: discuss poetry images and term and share the ideas of the critics, on the other hand martyrs will be discussed as term theoretically .Second: discussing the importance of martyr's image and its type in the sherko bekas's poem empirically.

Keyword: sherko bekas's, image, martyr, sacrifice, Kurd.